# ناوەڕۆك

پێشەکی ........................................................ ٧
تیۆرە سیاسییەکان و ناسیۆنالیزم دەوڵەتی نەتەوەیی بە نموونە: ............................... ١١
دیاردە سیاسییەکان: .................................................. ٢٩
ناسیۆنالیزم و تیۆری سیاسیی سەدەی ١٨ و ١٩: .............................................. ٤١
چاپتەری یەکەم ـ مێژووی چەمکی ناسیۆنالیزم: .............................................. ٥٧
پێناسەی نەتەوە بەپێیی دەوڵەت: .............................................. ٦٣
نەتەوە بێ خاك و بێ دەوڵەتەکان: .............................................. ٦٩
ناسیۆنالیزم ـ بیرێك بۆ بەرز راگرتنی رۆژئاوا: .............................................. ٨٣
ژیان لە بۆشاییدا: .............................................. ١٦٧
شارستانییەتەکانی نزیك لە کورد: .............................................. ١٧١
دەوڵەتی نموونەیی: .............................................. ١٨١
بەڵێننامە و رێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان: .............................................. ١٨٧
چاپتەری دووەم ـ سیستمی خۆحوکمڕانی کورد وەکو ئەزموونێکی نموونەیی: .................... ١٩١
سەرچاوەکان: .............................................. ٢٥١

مێژووی سیاسیدا بوونیـان هـەبووە، ناسـیۆنالیزم کـەڵکی لێوەرگرتـووە و لقێـك بـووە لـەو سیسـتمە، (جـۆن سـتیوارت میـل) یەکێکـە لـەو هزرمەنـدە سیاسـییانەی گرینگـی بـەم باسـە داوە و تیۆریسـتێکی لیبراڵـە، پێـی وایـە پێکهێنـانی ئـەو جـۆرە دەوڵەتـە ناکـارنو کـە لەسـەر بناخـەی نوێنەرایـەتیی کولتـووری جیـاواز دروسـتبوون، کەچـی (سـتێنر) تیۆریسـتێکی ئاڵمانییـە و دژە بۆچـوونی هەیـە لەگـەڵ میـل، ڕەخنـەی تونـدی لـە سیسـتمی لیبراڵـی سیاسـیی و سۆسـیۆلۆژیای مرۆیـی هەیـە، ئـەم جیاوازییانـە لـە بەرانبەر چـەمکی ناسـیۆنالیزم و خـودی نەتـەوەکان، لـە تیۆرەکـانی کانـت و ماکیـاڤیللی جودا دەکاتەوە و پێی وایە لە پراکتیکدا دەبینرێت.

ناسـیۆنالیزم ئـەم چـەمکەی بـۆ نەتـەوە ژێردەسـتەکان جێکەوتـە بـووە و بـوو بـە ئایدیۆلۆژیایـەکی ڕووت، یـان باشـتر بڵـێم نەتـەوەخوازی کـردە داواکارییـەکی سیاسـیی پـەتی، بـەو ئاراسـتەیەی کـە نەتـەوەی ژێردەسـت لـەژێر چـەپۆکی نەتـەوەی سەردەسـت نـەمێنێ، سـەرەنجام ڕژێمێکـی سیاسـیی خوڵقانـدووە کـە هەنـدێك جـار زۆر دوورکەوتووەتـەوە لـە داواکارییـە سـتراتیژییە نەتەوەییەکـە، تـا ئـەو جێگەیـەی کـە ڕەوایـەتی داوە بـە دەسـتەبژێرێکی بـە نـاو سیاسـیی و جۆرێـك لـە بـازاڕی سیاسـیی گـەرم کردووە، هـەروەها ئـەم چـەمکە بـە ڕادەیـەك تونـدڕۆی بەرهـەمهێناوە، کـە دواتـر پاشـگری ئیزمـی بـۆ هەریـەك لـە ڕژێمـە فاشـیزم و نـازیزم و شـۆڤێنیزم و ...هتـد هێنـا ئـاراو جـەنگێکی تـری خوڵقانـد، هـەر ئـەوەی کـە ئێسـتە وەکـو ئـەزموونێکی ناحـەز و نـابووت تەماشـای دەکرێـت، بیروبـاوەڕی ئینتەرناسـیۆنالیزمیش کـە بیرکردنەوەیـەکی پێچـەوانەی ناسـیۆنالیزمە بـەدیوە ئایدیۆلۆژیاکـەی، هەنـدێکجار کێبـەرکێی سیاسـیی خوڵقانـدووە و ئـەو نەتەوانـەش بوونـە قوربـانی ئـەو کێبـەرکێ نادادپەروەرانەیـە، بـە تایبـەتی کێبرکێـی نێوان ئەمـەریکا و سـۆڤیەتی کـۆن کـە جـەنگی سـاردی چـەند سـاڵ درێـژکردەوە، دواتـریش بە سەرکەوتنی ئەمەریکا و سەرمایەداری نێودەوڵەتی کۆتایی هات.

خـــراپ کـــەڵك وەرگـــرتن لـــە چـــەمکەکانی ناســـیۆنالیزم و کۆمـــۆنیزم و ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕژێمـی سـەرمایەداری لەپـەنا ئەمەشـدا تێنەگەیشـتنی کۆمۆنیسـتە سـونەتییەکان لـەنێو کـاری حزبیـەت و ئایـدیۆلۆژیای مارکسـی بـوون، هەرچـی زیـاتر ڕێگەخۆشکەر بوون بـۆ ئـەوەی بـیری ناسـیۆنالیزمی تـا ئـەو ڕادەیـە سـەرهەڵبداتەوە، کـە

تایبــەت، لــە بەرانبەریشــدا خاوەندارییــەتیی گشــتیی کــە دەوڵــەتی بەرابــەری بــەڕێوە دەبرد، کە دواتر لــە بەرانبــەر سیســتمی ســەرمایەداری شکســتی خــوارد و مــافی مــرۆڤ و دیموکراســی و بــازاڕی ئــازاد وەکــو چــەند دروشمێــك و هیچــی تــر نــەك بــە پراکتیــك جێگــەیان گرتــەوە، ئــەوەی کــە لێــرە بــەدواوە دەبینــرێ و جــۆرێکی تــری نادادپەروەرییــە، بەشــێکی بچــووکی ئــەو ڕەهەنــدە سیاســیانەیە، کــە دیــاردەی تــری زۆر سەیروســەمەرەتر لەگەڵ خۆیدا بەرهەمهێناوە.

مــاکس فیبــەر یــەکێك لــەو هزرمەندانەیــە، کــە هــەم وەکــو کۆمەڵناســێك، هــەمیش وەکــو خــاوەن تێگەیشــتنی تایبــەت بــە ناســیۆنالیزم، بــاس لــە گرینگــی هێــزی سیاســیی دەکات بە نموونــەش باســی بســمارك دەکــات، "گرینگــی هێــزی سیاســیی جیــا لــە هێــزی ئــابووری وەکــو ئــەوەی، کــە بســمارك لــە ســەرکەوتنی یــەکگرتوویی نــاوخۆیی و گەشــەی ئــابووری ئاڵمــان پشــتی پێبەســت، بــە جــۆرێکی تــر، گرینگــی بیرۆکراســی پراکتیکیــدا ڕەهەنــدێکی کلیــل ئاســایە بــۆ تێگەیشــتن لــە وەرچــەرخانی فیبــەر بــۆ سیاســەت و کــارە کۆمەڵایەتییەکەی بە شێوەیەکی گشــتی، لەســەر ئــەو بنەمایــە دەبــێ لــە پابەنــدی فیبــەر بە تا ســیۆنالیزم و جەختکردنــەوە بــە درێــژایی تەمــەنی لەســەر بــاڵایی دەوڵــەتی ئاڵمــانی تێبگەن، بــەڵام ئــەو پێداگیرییــە لــە داننــان بــە کاریگــەری بــەکارهێنانی هێــزی سیاســیی لــە فکــری فیبــەر دا، هاوتایــە بــە هــەمان رادەی دەســتگرتن بــە بــەهاکانی لیبراڵیزمــی کلاســیکی ئەوروپییەکانــەوە"( ١٠ ). لێــرە قســەکە لەســەر بابــەت و پــۆینتی فکــری نــەماوە لەلایــەن نەتــەوەوە بــۆ ناســیۆنالیزم، بــەڵکو فکرەکــە گرێــدراوی کەســایەتی و کاریزمایەکی وەکو بسمارکە کــە هــەموو ئاڵمــانی پێکــەوە گرێــدا و بــوو بــە ســیمبولێکی ناسراوی ئەو فکرەیە بە تایبەتی بۆ ئاڵمان.

دامەزرێنـــەرانی فکـری لیبرالّـی سیاسـیی و خـاوەنی چـەندێن کتێبـە لـەبارەی (ئـابووری سیاســـیی و خوێندنـــەوە بـــۆ فەلســـەفەی هـــاملتۆن و ســـوودی سیاســـیی و لـــەبارەی ئازادییەوە).

کاریگـــەری بیرکردنـــەوەکانی میـــل کـــەمتر نەبوونـــە لـــە هزرمەنـــدانی سیاســـیی و فکـری ئـەو سـەردەمە، لیبرالّیـزم کـە یەکێکـە لـە چـەمکە سیاسـییەکان و ئێستەشـی لەگـەڵ دابێـت زۆر لـە حزبـە ڕۆژئاواییـەکان لـەژێر ئـەم ناونیشـانە بەشـداری سیاسـیان هەیە، بـەڵام دەرکـەوتووە کـە تیۆرەکـە سـەرکەوتوو نییـە، چـونکە سیاسـەت ڕێگـە بـەو هەموو ویستە نەدات کە واقیع گەرەکییەتی لە هاوکێشە و ململانێ سیاسییەکاندا.

ئـەوەی کـە لـە سـەدەی ٢٠ دەوڵەتناسـی و سیاسەتناسـی لـە یەکـدیی جیـاکردەوە، پرسـی مـافی هـاووڵاتیبوون بـوو وەك تاکێـك لـەنێو کۆمەڵگـەدا، لـەم بارەیـەوە (جـان جـاك ڕۆسـۆ) تیۆرەیـەکی پێشـکەش کـردووە سـەبارەت بـە هـاووڵاتیبوون، بۆئەمـەش بیرۆکـەی ئـاییینی مـەدەنی و هـاووڵاتی نیشـتمانپەروەری پێشـنیاز کـرد، هـەروەها گفتوگـۆی ئـەوەی چـۆنییەتی بەدەسـتهێنانی هـاووڵاتیبوون، کـە بەشـێك بـووە لـە بناخەی پێکهاتـەی نەتـەوەیی و نیشـتمانی، بـە تایبـەتی بـۆ فەرەنسـا کـە ژان ژاك ڕۆسـۆ لـە پێشـەکی کتێبـی (ئیمیلـدا) نووسـیویەتی، لـە ئـەورووپاش هزرمەنـدەکان کەوتنـە بـیری ئـەوەی گفتوگـۆ لەسـەر دەوڵـەت و سیسـتمی کڵێسـا بکرێـت، هـەر لەسـەر ئـەو بنچـینەیەش پێوەنـدیی نێـوان کڵێسـا و دەوڵـەت، هـەروەها پێوەنـدیی نێـوان هـاووڵاتی ئاسـایی و سیاسـییەکان، پێوەنـدیی نێـوان کڵێسـا و بـاوەڕداران هاتـە کایـەوە، ئـەم سیسـتمە ئایینییـە، کـە دواجـار سیسـتمی سیاسـیی هێنایـە ئـاراوە، کاریگـەری خسـتە سـەر ئیسـلام و دەوڵـەتی خەلافـەت تـا سـەردەمی عەباسـییەکان، دواتـر عوسمانییـەکان کەڵکیان لێـوەرگرت، بـۆ نموونـە تـا ئێسـتە شـوێنەواری لـە هەنـدێك شـوێنی عەرەبسـتان جێهێشتووە.

بـە سـەرهەڵدانی سـەردەمێکی نـوێ بـۆ مومارەسـەکردنی سیاسـەت و دەوڵـەت بـەڕێوەبردن، هزرمەنـدە نوێخوازەکـان فکـری سیاسـیان بـە زانسـتی سیاسـیی رابـردووەوە گرێـدا، یـان باشـتر بڵـێم لەسـەر بنـەمای ئـەو سیسـتمانەی رابـردوو، کـە مێـژوو دەیگێڕێتـەوە وەکـو ئیتاڵیـا و ئاڵمـانی کـۆن و ...هتـد، لـە ڕێگـەی فکـر و یاسـاوە

# ناسیۆنالیزم و تیۆری سیاسیی

# سەدەی ١٨ و ١٩

## کارل مارکس ١٨١٨-١٨٨٣

مـارکس کۆمـەڵناس و ئابوورینـاس و سیاسـییەکی جیـاواز بـوو لـەو کەسـانەی، کـە سیسـتمی سیاسـیان پێشـکەش کـردووە، ئـەم فەیلەسـووفە بیرکردنـەوەی بـۆ فەلسـەفە دابڕانێکی مەعریفی بـوو لـە تـەواوی بوارەکـان و بـە تایبـەتیش کۆمەڵناسـی سیاسـیی و ئابووری، لە بەرانبەر ئـەو کەسـانەی کـە لـەو سـەردەمەدا و لـە پـێش خـۆی ژیـان، دوای خوێندنـەوەی مێـژووی سیاسـیی گریـك و ئاسـیا و ئەفـەریقا لـە رووی کۆمەڵایـەتی و هۆکـارە ماتریالییەکانـەوە بـووە، خـاوەن ئایدیایـەك، کـە لـە بنـەماکانی پرۆگرامـی کۆمەڵایـەتی یـان ئـابووری و سیاسـیی پێکـدێنن، مـارکس بایـەخێکی تـەواوی بـە نـامۆبوونی مـرۆڤ داوە لـەژێر سـایەی دنیـای چینایەتیدا لـە بەرانبـەر دەسـەڵاتی رەهـا و کـار و ریفـۆرمی سیاسـیی، کـە (بـرۆدۆن و گۆتـە و ئـۆین) وەکـو سـێ هزرمەنـدی سـەردەمی خـۆی خـاوەنی هـەر یـەك لـەم تیۆرانـە بـوون و بـە جیـاواز لـە هـەموو هزرمەنـدەکانی دیکـە، لـە بەرانبـەر ئـەو لەخۆنامۆبوونـەی هیگـڵ، کـە گرێـی دابـوو بـە روحـەوە، روحـیش هـەمان شـتی بەرهـەم دەهێنایـەوە، ئەمـە رەوتـی گەشەسـەندنی کۆمەڵایـەتی و پێوەندییـەکانی بەرهـەمهێنانی رەتـدەکردەوە، لـە هەمبـەر گەشەسـەندنی هێزەکـانی بەرهـەمهێنان لـە پرۆسـەی کـاری کۆمەڵایـەتی، کـە دەبێتـە هۆکارێـك بـۆ لـەخۆنامۆبوون، هەڵبـەت فەلسـەفەی هیگڵـیش تـەنها وەڵامێـك بـوو بـۆ باردۆخەکـەی

نێــوان دوو چــینی جیــاواز لــه یــه‌کتر" ئیــدی مــارکس بــه‌م تێڕوانینــه‌ی خــۆی دابڕانێکــی مــه‌عریفی سیاســیی دروســت کــرد. له‌گــه‌ڵ ئــه‌و تێڕوانینانــه‌ی، کــه بــۆ سیســتمی سیاســیی پــێش خــۆی دانــراون، لــه روانگــه‌ی مارکســه‌وه هیگــڵ بــاس لــه واقیعی کۆمه‌لایه‌تی ده‌کات، به‌لام به زمانێــك کــه پــڕه لــه ره‌مــز و راز، لــه راســتیدا مه‌به‌ستی هیگــڵ لــه چیرۆکه ئایدیالیســتی و میتافیزیکییــه‌کان هــه‌مان کــاری مــرۆڤ و به‌رهــه‌مهێنانی ئابوورییــه، بــه‌و پێیــه‌ی بابــه‌تی ســه‌ره‌کیی فه‌لســه‌فه‌ی هیگــڵ پرۆسه‌ی کۆمه‌لایــه‌تی و مێــژوویی به‌رهه‌مهێنانــه، نــه‌ك بــوون (بــوون). پاڵنــه‌ری ئــه‌و پرۆســه‌یه‌ش کــاری مرۆڤــه نــه‌ك روح، بۆیــه دیــالیکتیکی هیگــڵ تــه‌نها شــێوازێکی ره‌مــزاوی کــرژی و نــاکۆکی هێــز و پێوه‌ندییــه‌کانی به‌رهه‌مهێنانــه"(٢٣). جگــه له‌مانــه‌ش مــارکس کێشــه‌ی ئــایینی لــه‌و ســه‌رده‌مدا کــرد بــه یــه‌کێك لــه باســه جدییــه‌کان و لــه پــرس ئایینــه جیاوازه‌کــانی کۆلێیــه‌وه، بــۆ نموونــه لــه کتێبــی (لــه‌باره‌ی پرســی جووله‌کــه‌وه) قســه لــه‌باره‌ی کتێبێکــی ئــایینی مه‌ســیحی و جووله‌که ده‌کات، کــه ده‌یانهــه‌وێ ســه‌ربه‌خۆیی خۆیــان هــه‌بێت بــه ئالمــان و ولاتــانی دیکــه‌وه، ئــه‌و کــات ئــایینی مه‌ســیحی ئــایینی ده‌ســه‌لات بــوو لــه سه‌راســه‌ری ئــه‌ورووپا، لــه حاڵێکــدا مــارکس خــۆی لــه خانه‌واده‌یــه‌کی مه‌ســیحی بــوو، پاشــان لــه‌ژێر ناونیشــانی (ئــایین ئــه‌فیونی گه‌لانــه) ره‌خنــه‌ی لــه ئــایین و لاهوتیــه‌ت گــرت و بوو به به‌شێك له تیــۆره سیاســییه‌کانی، بــه‌لام خــراپ کــه‌ڵکی لێــوه‌رگیرا لــه‌نێو فکــر و کایه‌ی سیاسه‌تدا، که حزبــه بــه نــاو کۆمۆنیســته‌کان خــراپ کاریــان له‌ســه‌ر کــرد و ده‌ســه‌لاته سیاســییه‌کانیش ناشــیرینیان کــرد، هــه‌ر بــۆ وه‌بیرهێنانــه‌وه مــارکس ناسیۆنالیســت نــه‌بووه، بــه‌لام هه‌میشــه دژی ئــه‌وه‌بووه، کــه نه‌تــه‌وه‌ی ژێرده‌ســت و سه‌رده‌ست هه‌بێت و ئه‌مــه‌ی بــه دنیــای دوو چــینی ده‌زانــی و به‌شــێك لــه تیۆره‌کــه‌ی، کــه بــۆ نه‌هێشــتنی دنیــای نابه‌رابــه‌ری و جیــاوازی چــینایه‌تی، ئه‌وه‌شــی ســه‌لماندووه، کــه بــڕوای بــه جیــاوازی هــه‌بووه لــه‌ژێر چــه‌تری به‌رابه‌رییــه‌کی ئــابووری کــه بــۆ هــه‌مووان وه‌کــو یــه‌ك بێــت، پرســی نه‌ته‌وایه‌تیشــی بــۆ نه‌هێشــتنی ئــه‌و فــه‌زا ناته‌ندروســته بــووه، نموونــه‌ش ئــه‌و گوتاره‌یــه، کــه بــۆ کێشــه‌ی مه‌جه‌رســتان نووسیویه‌تی و پاڵپشتی له نه‌مانی ئه‌و کێشه‌یه ده‌کات.

دەگرێت و ناوی دیکتاتۆری سیاسیی لێدەنێت، دواتر کتێبێك بە ناوی (شۆڕش و ناپاکی) لە ساڵی ١٩٣٦ دەنووسیت، لە دوای ئەوە چەند کتێبێکی دیکە دەنووسیت لەوانەش (شۆڕشی بەردەوام و بەرگری لە مارکس و ژیانم و دەوڵەتی سێیەم دوای لینین بێ خەتام)، ئەگەرچی لەنێو سیستمی حوکمڕانی سۆڤیەت دەمێنێتەوە و چەندین پۆست وەردەگرێت، بەڵام لەسەر جیاوازی فکری و هەڵوێستە سیاسییەکەی لە دژی بیری ستالینیزم، چەند جارێك زیندانی دەکرێت و دوودەخرێتەوە بۆ بەریتانیا و تورکیا، پاشان ناچار دەبێت لە ترسی ستالین و سیستمەکەی لە سۆڤیەت هەڵبێت و بچێتە مەکسیك، لەوێ لە ڕێگەی کەسێکی نزیکی خۆی و بە پاڵپشتی ستالین بە قیزەونترین شێوە تیرۆر دەکرێت.

## ئەنتۆنیۆ گرامشی ١٨٩١_١٩٣٧

هزرمەند و کەسایەتییەکی جیاواز و مارکسییەکی ئیتاڵی و تیۆریستینێکی کۆمەڵایەتی بوو، زۆرترین ڕەخنەی لەسەر ڕۆشنبیرانی سیاسیی بووە، کە بەر لە هەر هزرمەندێکی دیکە ئەو داوای هەڵوێستی لە ڕۆشنبیران دەکرد، زۆر بە وردی تیشکی خستووەتە سەر مارکسیزمی ئەرسەدۆکسی و هۆکارە ئابوورییەکانی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بانگەشەی دامەزراندنی یەکێتیی پرۆلیتاریای کردووە، بنچینە و بنەما سۆسیالیستییەکانی شرۆڤە کردووە، بەرانبەر بە فۆڕمێکی ناتەواوی ڕۆشنبیرانی ئەو کات کۆششی سیاسیی ڕۆشنبیرانی بەهەند وەرگرتووە، هەروەها چەمکی بلۆکی مێژوویی لەل ای گرامشی، بریتییە لە کۆبوونەوەی هێزی کۆمەڵایەتی دیارکراو و ڕێکەوتنیان لەسەر بنەمایەکی سیاسیی و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی دیارکراوە، بەدەر لەو بۆچوونانەی گرامشی بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە ماوەی ١٩٢٩-١٩٣٥ لەسەر ئەو بیروڕایەی لە ئەمەریکا زیندانی دەکرێت، تا ئێستەش تیۆرەکەی لەبارەی ستایلی مومارەسەکردنی ڕۆشنبیری و هەڵوێستی وەکو کتێبێکی کراوە مامەڵەی لەتەك دەکرێت و لەنێو میتۆدی خوێندن کراوەیە.

## تیۆری ڕەخنەیی سیاسیی سەدەی بیست

هەڵبەت بەشێك لەو هزرمەندانەی پێشووتر باسمان کردن، پێیەکیان کەوتە نێو سەدەی بیستەمەوە، بەڵام تەمەنی سیاسیی و تەمەنی خۆشیان درێژ نەبوو، کە بڕن بە تیۆریستینەی سەدەی بیستەم، بەهەرحاڵ تیۆرێکی دیکەی سیاسیی، کە لە سەدەی ۲۰ سەریهەڵدا، تیۆری ڕەخنەیی سیاسیی بوو، کە ئەویش قوتابخانەی فرانکفۆرت بوو، ئەم قوتابخانەیە ساڵی ۱۹۲۳ دامەزرا و لە ساڵی ۱۹٦۹ هەڵوەشایەوە، یەکێك لە پێڕەوان و بەشداربووانی ئەم تیۆرە ڕەخنەییە ماکس هۆرك هایمەر ۱۸۹۵-۱۹۷۳ ئەم هزرمەندە یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، کە لەسەر چەمکی ڕەخنەیی لە فکری ڕۆژئاوای مۆدیرنیزم کاریان دەکرد، بەڵام ئەم هزرمەندە جیاواز لە هەموویان کەسێك کە دەروونناسێکی سیاسیی بوو، شیکردنەوەی بۆ سیستمی سەرمایەداری لیبراڵی کرد، کە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵگەی پیشەسازی بوو، ساڵی ۱۹۳۵ هۆرکهایمەر وەك ئەوەی ڕەخنەی لە تیۆری کلاسیکی گرت و دژایەتی پراگماتیزمی کرد، ئەوەش کە پێی دەگوترێت گواستنەوەی هیگڵ بۆ مارکس میتۆدێك بوو بەهەند وەرگیرا، دواتر هەر ئەو میتۆدە بوو بوونیادگەری پاشان خودی چەمکەکە کەلێن و کێشەی تێکەوت و ڕەخنەی لێگیرا، کە پاش بوونیادگەریش هاتە ئاراوە، سەبارەت بە وێناکردنەکەی قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئەم هزرمەندە دوو ستایلی تیۆری ڕەخنەیی بەدەرخست، یەکەم مەغزای بەسەروەریکردنی ئایدیالیزمی هیگڵ بوو، مەبەست لە بڕوای فکری و پەی بە هەموو توخمە بنەڕەتییەکانی نێو بوون بردووە، دووەم دۆخێکی ئەرێنی و عەقڵانی بوو، کە تیۆری ئایدیالیزمی دیالیکتیك دەچێتە نێو کۆی تیۆری کلاسیکی، بەڵام بیرۆکەی دیکە هەبوو بۆ نازیزمی ئاڵمان و ستالینیزمی سۆڤیەتی، کە لەنێو ئەو سیستمە دەوڵەتی و فکرییەدا کێشەی فکری لە ڕۆژئاوا سەریهەڵدا، دواجاریش لە نێوان ئەواندا کۆتایی بە جەنگ هات، پاشان لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەدا بۆ هزرمەندانی ڕۆژئاوا دەرکەوت، کە جەنگخوازی بووەتە کولتوور، بۆیە دەبوو ڕەخنەی لێبگیرێت. "ئەو تێزە ڕەخنەییەی لەسەر بنچینەی تێڕوانینێکی ڕەخنەییانە

دیموکراسـی. دواتـر ئاڵتۆسـێر وەکـو شـرۆڤەکارێکی سیاسـیی مارکسـی، ڕەخنـەی لـە سیسـتمی سـەرمایەداری گـرت، هـەروەها ڕەخنـەی لـە ئایـدیۆلۆژیای مارکسـی گـرت و ڕووبـەڕووی تـەکنۆلۆژیا وەسـتایەوە، کـە لـە ئاسـت گەشـی تـەکنۆلۆژیا کرێکـار بووەتـە کۆیلـەی ئـەم سیسـتمە بـە ڕوویـەکی دیکـەدا، کـە کێشـە لـە دەزگـە ئایدیۆلۆژییەکانـە سیستمی سیاسیی و دەوڵەت دووچاری ئیشکالیەت دەکەن.

ئێمــە وەکــو کــورد کــەمتر وەکــو تیــۆری پــەڕەگرتنی فکــری سیاســیی نــوێ گفتوگــۆی لــەبارەوە کــراوە، لەلایــەکی تــرەوە ئێســتە بــاوترین قســە ئەوەیــە ناســیۆنالیزم ئــەو چەمکەیە لە مێــژوودا بــاس کــراوە و بەرهــەمێکی فکــری سیاســیی نــوێ نییــە، هــەروەك چــۆن ئەوروپاییــەکان شــانازی پێــوە دەکــەن، هــەروەها شــێوەیەکی تــری هەڵــەی فکــری مێــژوویی مرۆیــی بــووە، بــەڵام راســتییەکەی ئەوەیــە کــە پێشــتر ئینترۆپۆلۆژیســتەکان قســەیان لەســەر نەتــەوەکان و نەتــەوەخوازی کــردووە، تەنانــەت لــە دەقــە پیرۆزکراوەکــانی ئــایینیش هەیــە، بــەو واتایــەی نەتــەوەخوازی یــەکێك لــە پرەنســیپەکانی خوداپەرســتی بــووە بــە واتــا ئایینییەکــەی، ئەمــەش بــۆ خــۆی وەکــو موڵکیــەتێکی کۆمەڵــە خــەڵکێك لەبیری مرۆڤـدا هــەبووە، هــەر ئــەوەی لــە رۆژهــەڵاتی ناوەڕاســتدا، ســۆمەرییەکان باســیان لە دەسەڵاتێکی رەها کردووە، کــە پێشــتر لــە ناوچــەکەدا هــەیان بــووە، هەنــدێك بــاس لــە وڵاتی میزۆپۆتامیا دەکــەن لەوانــەش میــدیاکان، کــە کــورد بــە مێــژووی خــۆی دەزانێــت، وەك پێوەســتکردنێك بــە مێــژووی هەریــەك لــەو نەتەوانــەی کــە لــەم ناوچــەیەدا ژیــاون، ئەمە جگە لە نەتــەوەی عــەرەب، کــە تــا ئێســتە لــە رێگــەی تێکســتی ئایینییــەوە بــرەو بــە بــوونی خۆیــان دەدەن، هــەروەها جگــە لــە چــەند نەتەوەیــەکی تــری وەکــو ئەکــەدی، ساســانی، بــابلی و ئاشــووری لــەم ناوچــەیەدا هــەبوون، دواتــر لەناوچــوون و نــەمان، ســۆمەرییەکان پێوەســتی دەکــەن بــە ئــایینی خۆیانــەوە، کلــدان و ئاشــووریش بــە هــەمان شــێوە، مەبەســتمە گفتوگۆکــە ببەمــە ســەر ئــەوەی ئــەوکات لایــەنی ئــایینی بــیری لــە چەمکی ناســیۆنالیزمی کردووەتــەوە لــە ناوچــەکەدا بــە ئــەوەی ئێستەشــەوە، کــەوابوو لــە پراکتیکــەوە ئاریشــەکە زیــاتر لــە خــودی چــەمکەکەدا کۆدەکاتــەوە، نــەك پراکتیزەکردنــی بەشێکی دیکەی ناواخنی چەمکەکە.

**ناسیۆنالیزم:** پێشتر لەبەشەکانی دیکەدا باسمان کردووە و پێناسەمان کردووە، کە بریتییە لە نەتەوەخوازی و کارکردن بۆ بەرزراگرتنی بەهای نەتەوە حزبییەت لە هەموو کایەکاندا و بە تایبەتی فەرهەنگ و کولتوور و سیاسەت بەرانبەر بە ئەویدیکە تا رادەیی نەگەیشتن بە راسیزم و شۆڤێنییەت، چونکە ناسیۆنالیزم کارکردنە بۆ کۆکردنەوەی نەتەوە هەر لەباری مێژووەوە تاکو دەگاتە پەروەردە و راگرتنی تەناهیی نەتەوەیی.

**پەرلەمانتاریزم:** سیستمێکە بۆ هەر دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسیی، بە واتای ئەو دەسەڵاتە دێت، کە پەرلەمان لێقەگەری سەرەکییە بۆ بڕیاردان لە هەر چارەنووسێکی سیاسیی بۆ دەوڵەت، بەبێ ئەوەی قبوولّ بکات ئەو سەرۆکایەتییە لاگیری بکات بۆ هەر حزبێکی سەرکەوتوو و خاوەن دەنگی زۆرینە و پەراوێزخستنی کەمینەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و ...هتد نێو پەرلەمان، لە روویەکی تریشەوە پەرلەمانتاریزم، ئەو واتایەی هەیە، کە نەتەوە یان قەوارە سیاسییەکە بڕوای تەواوی بەوە هەبێت، کە هەر چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردن بکرێت و خەڵك رابێت لەسەر ئەوەی دەسەڵاتە باڵاکەی پەرلەمان و دەزگەکەش بزانێ کە نوێنەری خەڵکە و بڕیار لە بەرژەوەندی چینە باڵاکانی سیاسەت و ئابووری نەدەن و هەژار و هاووڵاتی پشتگوێ نەخەن.

**دیموکراسی:** ئەم چەمکەیە کە پێش ۳۵۰ ساڵ بەر لە مەسیح لە یۆنانی کۆن بەرهەمهاتووە، دواتر دوو قۆناخی دیکەی بڕیوە و هەر نەگەیشتووە بە پێناسە رەسەنەکەی خۆی، قۆناخی یەکەم سەرمایەداری بوو، کە بوو بە سیستمی سیاسیی و پەرلەمانتاری حزبی و خاوەن دەسەڵاتەکانی بەرهەمهێنا، قۆناخی دوای ئەوە کە هەزارەی سێیەم هات قۆناخێکی دیکە بوو، کە بووە سیستمی ئابووری و هاوکێشە سیاسییەکانی بالانس کرد و رەوایەتیی بە داگیرکاری نوێ دا، کە هەر دەوڵەتێك گەرەکیان بێت سامانەکەی بخەنە خزمەت خۆیانەوە، بەڵام هەرگیز چەمکەکە نەبوو بە خاوەنی پێناسە راستەقینەکەی خۆی کە دەسەڵاتی خەڵکە.

**حزبیەت:** ئەو چەمکەیە کە بەرهەمهاتووی سەرمایەداری مۆدێرنە و واتای رزگارکردنی تاك بووە لە بنەماڵە و خێڵ و بەرهەمهێنانی ئازادییەك بۆ هەموو تاك و بۆ کۆمەڵگەش، حزبیەت ئەو بەهایەی هێنایەوە نێو کۆمەڵگە، کە خەڵك بیر لە فکر بکاتەوە، چونکە فکر حزب فەزای کۆمەڵایەتیش دروست دەکات، نەك ئەوەی

## ناسیۆنالیزمی کورد و ئەوانی دیکە.

هـیچ ناسـیۆنالیزمێك بـەبێ بیرتەسـكی ناسیۆنالیسـتی ئـەوانی دیكـە نایەتـە بـوون، ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایی، کـە سـەرەتا ریشـەی داکوتـا، لـەوێوە سەرچـاوەی گـرت کـە ئـەوانی دیکـەی دژە نەتـەوە ژێردەسـتەکان بانگەشـەی بـوونی رەسـەنی خۆیـان دەکـرد، ناسـیۆنالیزمی عـەرەبی بـەبێ ناسـیۆنالیزمی رۆژئـاوایی هـیچ واتایـەکی نـامێنێ، چـونکە رۆژئـاوا بـە گوتـاریکی ئـاینی کریسـتیانی هاتەپێشـەوە، بۆیـە عـەرەب هـیچ چارێکی نـەما دەسـت بـە گوتاری ئایینی خۆیانـەوە بگـرن، کـوردیش وەختێـك دەسـتی بـرد بـۆ گوتـاری ناسیۆنالیسـتی، وەختێك بینـی کـە فـارس و تـورك و عـەرەب هەرسـێك پێکـەوە خـاڵی هاوبەشـیان هەیـە لـە داگیرکردنـی خـاك و زمـان و کولتـوور و فەرهـەنگی، بۆیـە تاکـە شـتێك پشـتیان پێبەسـت، زمـان و کولتـوور بـوو، بـەڵام نـەیانتوانی ئایینێـك وەکـو ئەلتـەرناتیڤ وەربگـرن، یـان ئایینێکی مێژوویی خۆیان بکەن بە کارتێك بۆ بەرگری لە ناسیۆنالیزم.

ئەگـەر وای دابنـێین بیرکردنـەوەی ئـەو کـات بـۆ ناسـیۆنالیزم وەك ئـەزموونێك و مومارەسـەیەکی سیاسـیی خۆڕسـکانە بـووە، یـاخود ئـەو هەلومەرجـە سیاسـییە پێویسـتی بـەو بیرکردنـەوە بـووە، لـە دۆخێکـدا ئـەم مومارەسـە سیاسـییە کـە لـە ئایدیۆلۆژیایـەکی وشـکدا چـەقی بەسـت، لـە لایـەك کـارێکی پێشـوەختە بـووە، لـە لایـەکی دیکـەوە تیـۆرێکی زانسـتی بـووە بـۆ وەڵامدانـەوەی پرسـیارگەلێکی وەهمـی بـۆ نەتەوەکان، "ئـەوەی کـە ئـەنگڵس رەخنـەی لـە ئایـدیۆلۆژیای فیورباـخ گـرت لـە کتێبـی ئایـدیۆلۆژیای ئاڵمـان، ئـەوەبوو ، کـە ئـەو فۆرمـە لـە ئایـدیۆلۆژیا کـەڵك لـە هێـزی چـینەکان وەردەگـرێ بـۆ مـەرامی خـۆی، هـەروەك چـۆن کـەڵك لـە ئایـدیۆلۆژیای پرۆتسـتانت وەرگـیرا لـە سـەدەی شـازدەیەم لـە وڵاتـانی ئـەورووپادا، ئەمـەش بـەپێی قسـەی ئـەنگڵس لـە خـاڵێکی هـزری سـنووردارا دەوەسـتێت، هـەروەها بـارودۆخێکی ماتریـالی بـوو بـۆ وەلانـانی بـارودۆخێکی دیکـەی بابـەتی، بەشـێکی دیکـەی تێزەکـە ئەوەیـە، کـە چـۆن قەڵاچـۆکردنی کـاری سـیخوڕی کـە هێـز و دەوڵەتـە پیشەسـازییەکان گرینگـی پێـدەدەن و دەیکـەن بـە بـازاڕێکی سیاسـیی بـە هـەڕمێن، هـەروەها جـۆرە

ڕێگرییەکیشــە لــە بزووتنــەوەی چــینایەتی و پێکــەوەژیانی نەتــەوەکان بــەبێ ئــەوەی دژایــەتی یەکــدیی بکــەن و یەکــدیی بســڕنەوە"( ٦٩ ). هــەر ئــەوەی کــە ئێســتە هــیچ وڵاتێکــی ئــەورووپایی و کیشــوەرەکانی دیکــە نــابینن، زیــاتر لــە نەتــەوە و کولتــوور و مەزهــەبی جیاجیایــان تێــدا نــەبێ، کەچــی پێکــەوە دەژیــن و هــیچ کێشــەیەکی زمــان و کولتــوور و جوگرافیایــان نییــە، ئەگــەر ناســیۆنالیزم و ئــەو لافیتەیــە بووایــە بــۆ بەدەستهێنانی مافەکان، دەبوو ئێستە لــە هــەر یــەك لــەو وڵاتانــە بــۆ نموونــە لــە سویســرا و ســوید و هۆڵەنــدا و هیندســتان و ئوســترالیا وەك کیشــوەرێکی تایبــەت، ئەمــەریکا و ...هتــد، پارچــە پارچــە بوونایــە و دابەشــبوونایە بەســەر چــەندین دەوڵــەتی نەتــەوەیی و خــاوەن ئــاڵا و خــاك و ســنووری تایبــەت بــە خۆیــان، کەچــی پێکــەوەژیان ســەلماندی، کــە دەوڵــەتی نەتــەوەیی بــە بــێ دیمــوکراتی جگــە لــە ســەرکوتکردنی نەتەوەیــەکی سەردەست بەسەر نەتەوەکانی دیکەوە هیچی تر نییە.

لــە ســەرەتای شەســتەکانی ســەدەی ڕابردبــوو واتــە لــە دوای ١٩٦١ی ســەدەی ڕابــردووەوە، تورکمانــە توندڕۆکان لــە دژی کــورد هەڵوێســتیان وەرگــرت. ئەمــە چــەند ســاڵێك بــەردەوام بــوو بــە پاڵپشــتی حکومــەتی ئــەو کــاتی عێــراق و ســەرەتای هــاتنی بەعسییەکان. ئــەوەبوو تۆرانییــەکان بــوون بــە حــەرەس قــەومی و مــاڵ و حــاڵی کوردیــان تالآن کرد و خوێنەکەش بۆ دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئەو کاتی عێراق بوو.

کــەموکووڕی ناســیۆنالیزمی کــورد لــەوەدا بــوو، کــە بەرنامەیــەکی ڕوونــی بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەی پێکهاتــەکانی نێــو کوردســتان نــەبوو، لــە بەرانبــەردا پێکهاتــەکان بــە تایبــەتی هەنــدێك لــە تورکمانــەکان لــە ئاکــامی خۆبەســتنەوەیان بــە بەرژەوەندییــەکانی دەرەوە کەوتنــە دژایــەتیکردنی شــۆڕش، ئەگەرچــی هەنــدێکی دیکــە لە تورکمانەکان هاسۆزبوون لەگەڵ بزاڤی نەتەوایەتی کوردستان

بــەڵام لــە دوای ڕاپــەڕینیی ســاڵی ١٩٩١ بــوون بــە لایــەنگری هــەرێمی کوردســتان، دواتریش حزبیــان دامەزرانــد، لەلایــەکی دیکــەوە هەنــدێکیان لایــەنگری خۆیــان بــۆ تــورك نەشاردەوە و خــەریکی ئــەوەبوون، کــە خــراپ کــەڵك لــە بــارودۆخی نەهامــەتی و قــەیرانی دارایی و هەژاری کوردستان وەربگرن.

خـۆی بەرهــەم دەهێنێتــەوە بـۆ ئــەوی تــری خــاوەن کــار، یــان بــەکارهێنانی ویســت بـۆ ســەرهەڵدانێك بــە نــاوی شۆڕشــەوە، وەکــو شۆڕشــی کرێکــاری و شۆڕشــی نەتــەوەیی کــە ناسیۆنالیســتەکان پێــڕەوی دەکــەن، بـۆ گرووپــی دەســتەبژێری سیاســیی کــە ســوودگەراکان هەر ئەوان دەبــن لــە داهــاتوودا، بــەڵکو کــار لێــرەدا وەکــو هۆکــارێکی بــەردەوامی ژیــان لەگــەڵ شارســتانییەت، هەوڵــدان بــۆ جیاکردنــەوەی روح لــە جەســتە و ئایــدیۆلۆژیا لــە فکــر و واتــا لــە پێناســە و جیاکردنــەوەی هــەموو جیاوازییــەکان، ئــەوەی لێــرەدا کــار دەیسەلمێنێت خۆ بەرهەمهێنانــەوە لــە شــوێنەوار و جێگــە دەســتدا، ئــەوەی کــە هەڵچــوون و تێکــدان لــە بەرەنجامــەکان هەمیشــە وەکــو ئەلتــەرناتیڤ دێتــەئاراوە، واتــای تــەواوی ئــەو بێدەنگییەیــە، کــە نەتــەوە بــێ ناونیشــانەکان و بــێ شوناســەکان کــە مێــژوو نەینووسیوەتەوە رەسەنایەتی نییــە، بۆیــە لــە هــەموو بوارەکانــدا لــە بۆشــاییدا دەژی، ئــەم دوو نموونــە جیــاوازە کاڵایەکــە بــە بــاڵای نەتەوەیــەکی وەکــو کــورد دەشــێت کــە نەتــەوەی دیکە لە تەنیشــتی دەژی و لــە بۆشــاییدا جێمــاوە، لــە کاتێکــدا گەڕاندنــەوەی متمانــە بــۆ بوون لە نەتەوەی بێ شوناســی وەکــو کــورد، تاکــە شــتێك فریــای دەکــەوێت، ئــەویش ئــەو شتانەیە کە بەدەست دەگیرێــت، مەبەســت لــە پارچــە شــوێنەوارە وەکــو ئــەوەی لــە یۆنــان و میسر و هیندســتان و رۆمــا و یەمــەن هەیــە، بــەڵام ئــەو دەســتگیرییە بــۆ نەتەوەیــەکی تایبــەت نییــە، بــەڵکو بــۆ تــەواوی کۆمەڵگــەی میســرییە، کەچــی لێــرە لــە کوردســتان ئەگــەر ئــەو پارچــەیەش جــار بــەجار لــە رێگــەی کــارەوە دەســتدەکەوێت، دەبێــت بــە موڵکی کورد وەکو بازرگانی، نەك موڵکی خەڵکی کوردستان.

لەوەتەی ژیار هەیە مــرۆڤ هــەم بەشــێك بــووە لــە کێشــەی گــەردوون، یــان بــوون هــەم کێشە بووە بـۆ خـۆی، هــەمیش هۆکارەکــانی بــەردەوامبوونی زەمــەن لــە ژیانــدا کێشــەی بــۆ مــرۆڤ خولقانــدوە، فــەرموون ئەنکیــدۆ کاراکتــەری دیــاری چیرۆکەکەیە، کــە دەبێتــە ئەلتــەرناتیڤ بــۆ گلگــامش، نووســینەوەی ئەزموونــە بــۆ ئــەو مرۆڤــەی بــیر لــە ژیــار دەکاتەوە و ببێتــە کاراکتــەرێکی چــالاك، مرۆڤــی کــورد هەمیشــە قوربانییــەکی بــەردەوام بــووە بــۆ دروســتکردنی ئــەو ژیــارەی کــە خــەونی پێــوە بینیــوە، هەڵبــەت قوربــانی بــۆ نەتەوە تەنها بە جەستە نییە، واتــە تــەنها ئــەوە نییــە کــە خــوێن ببەخشــێت بەرانبــەر بــە دوژمنەکانی، بەڵکو گەیشــتنە بــەو راســتییەی کــە پاڵــەوانێتی و قارەمــانێتی ئەوەیــە کــە

## شارستانییەتی رۆما

رۆمەکان سـەرەتا خێڵێکـی لاتینـی ئـاری بـوون و لـە خـوارووی تیبـەر دانیشـتبوون، رۆمس و رۆملـس دوو بـرا بـوون ئـەو خێڵـەیان کۆکردووەتـەوە و کشـتوکاڵیان پێکـردوون، دواتر رۆمس لە ساڵی ٧٥٣ پـێش زایـن دەبێتـە ئـەو شـارە، پێشـتر ئـەم ئیمپراتـۆرە لـە ساڵی ١٤٦ بـەر لـە زایـن دەوڵـەتی قرتاجـە و مەکـەدۆنیا و ئاسـیای بچـووك و یۆنـان و وڵاتـی شـام و میسـریان گرتـووە، لـە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتیش قوسـتەنتینیە بووەتـە پایتـەختی ئیمپراتۆریـەتی رۆمـا، لـە سـاڵی ١٤٥٣ زاینـی تـا ئـەو کاتـەی (محەمـەد ئەلفاتیح) دەچێتە ئەوێ و دەبێتە خەلیفەی عوسمانی.

## شارستانییەتی هیندستان.

یـەکێك لـە گـەورەترین شارسـتانییەتەکانی ئاسـیایە و پێکهاتـە کۆنەکەشـی زۆرتـرین خـەڵك و دانیشـتووی هـەبووە، زۆرتـرین کولتـوور و ئـایینی جیـاوازی تێـدابووە، لەوانـەش ئـایینی بـودی و مەسـیحی و هیندۆسـی و سـیخ، دواتـریش ئیسـلام گەیشـتووەتە ئـەوێ، پێشـتر بودییـەکان خـاوەنی ئیمپراتۆریـەتێك بوونـە بـە نـاوی مۆریانـە، ئـەم ئیمپراتۆریەتـە زۆرتـرین رووبـەری لـەژێر دەسـتدابووە، لەوانـەش بـەنگال و سـندی کـۆن، دەسـەڵاتیان بەسـەر رێگـەوبانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا شـکاوە، ئـایینی بـودا خـاڵی گەشەسـەندن و نوێبوونـەوەی هیندییـەکان بـووە، هـەر ئەمـەش وای کـردووە کـە لـە بوارەکـانی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی گەشـە بـە خۆیـان بـدەن، هیندسـتان لـە دووەمـین جـەنگی جیهانـدا دەکەوێتـە ژێـر داگیرکـاری بـەریتانیا و زمـانی ئینگلیـزی بەسەردا زاڵ دەبێت.

هەیـە لـە ئـەدای سیاسـیی کـورد بەرانبـەر بـە سیسـتمە کۆنـەکانی دەوڵـەتی عێـراق و ئێـران و تورکیـا و سـووریا، دەرکـەوت ئەوەنـدە بەرژەوەنـدی نەتـەوەیی نیشـتمانی لەبەرچـاو نـاگرن، چـونکە بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی لـە هـەموو کایەکانـدا ڕەنگدانـەوەی هەیـە، بـە پێچـەوانەوە لێبـووردەیی و پێکـەوە ژیانێـك کـە لـە دەرەوەی سیاسـەت کـاری پێـدەکرێت، بۆیـە لـەم ڕاسـتایەدا حـزب دەبێتـە ماشـێنێك بـۆ بەرهـەمهێنانی مرۆڤـی تـاك ڕەهەنـد و مرۆڤـی توندوتیـژ، هـەروەها شـێوە ناسـاندن و کـارپێکردن بـە چـەمکی ناسـیۆنالیزم خزمـەتی هـەمان ئـەو فکـرە دەکـات کـە هـەڵیگرتووە، ئەمـەش ئەگـەر بـە سـتایلێکی مـەعریفی مامەڵـەی لەتەکـدا نـەکرێت تووشـی دەمـارگیری نەتـەوەیی دەبێـت و مرۆڤـی دەمـارگیر بەرهـەم دەهێنێـت، هـەروەك چـۆن نەتـەوەکانی دەوروپشـتمان دووچـاری هـاتوون، ئەوەیـە کـە زیـان و سـوودەکانی چـەمکی ناسـیۆنالیزم لـە یـەکتر جیـا بکەینـەوە بـەو واتایـە لـەبری ئـەوەی ناسـیۆنالیزم بکرێتـە ئایدیۆلۆژیایـەك لـەنێو هـەوادارانی ئـەو ئایدیۆلۆژیایـە دوو چـینی جیـاواز هـەبێت، نـەك هـەر ئاریشـەی نەتـەوەیی سەردەسـت و ژێـر دەسـت چارەسـەر ناکـات، بـە پێچەوانەوە ئاریشە سیاسییەکان ئاڵۆزتر دەکات و لق و پۆپی لێدەکەوێتەوە.

سـەبارەت بـە پرسـی بـوونی کـورد لـە چوارچـێوەی دەوڵەتـەکانی فـارس و تـورك و عـەرەب کـە ئێسـتە جوگرافیاکـە بـەرەو تێکچـوون دەچـێت و خەریکـە شـێوە دەوڵـەتی کـوردی بوونیـاد دەنرێـت، بـەڵام بـە ئـاڵۆزی نێوخۆییـەوە کـە دەسـتێوەردانی دەوڵـەتانی هەرێمیایەتیی تێدایە، ئەمـە باسـێکی تـرە، بـۆ ئەمـە پێویسـتمان بـە گفتوگۆیـەکی تـرە کـە پێشـتر چـۆن ئـەم نەتەوەیـە مامەڵـەی کـردووە، ئێسـتەش چـۆن مامەڵـە دەکـات، یـاخود ئێسـتە سـەرکردایەتیی کـورد چـۆن هەماهـەنگی ئـەو کێشـەیە دەکـات کـە لـە ناوچەکە دەگوزەرێـت، پرسـی یاسـا و دەسـتوور و سیسـتمی فیدراڵییـەت کـە بـە هـەموو شـێوەکانییەوە باسـێکی تـرە، ئاڵۆگۆڕەکـانی دوای ڕژێمـی بەعسـی رووخـاوی عێـراق و سووریا و سەرهەڵدانی هێـزی چـەکداری لـە بـاکووری کوردسـتان کـە تورکیایـە، بەشـێکن لەو ئاریشانەی کـە کـورد لـە رابـردوودا خـراپ کـەڵکی لێوەرگرتـووە و خـۆی بـۆ ئامـادە نـەکردووە و هەمیشـە چـاوەڕوانی هێزێکـی دەرەکـی یـان فریادڕەسـێکە بـە فریـای بکەوێت، بۆیە کە لە شـوێنێکدا گـیر دەخـوات، ئـیتر هـەم وەکـو گوتـار، هـەمیش وەکـو

لایەنێکی دیکەی بوو، دژی خۆی وەستاوەتەوە، دواتر هەر خۆی باجە قورسەکەی داوەتەوە، لە راستیدا کەسێکی وەکو ئۆزدەمیر پاشا کە کرابووە بەرپرسێکی گەورەی ئەو ناوچەیە و کوردیش لەوێ نیشتەجێن، چونکە بە لای عوسمانلییەکانەوە کێشەی نەینەوا و ولایەتی موسڵ کێشەیەکی گەورە بوو بە لای تورکەکانەوە، بەو پێیەی ئەم ولایەتە گرێیەکی دەروونی لە نێوان تورك و ئینگلیز دروست کردبوو، لە روانگەی تورکەکانەوە ئەم گرێیە بە کوردەکانی باشوور نەکرێتەوە، بە هیچ هێزێك ناکرێتەوە، ئەم تێڕوانینە مۆڵکی تێگەیشتنی ئەو کاتی تورکەکان نەبوو تەنها، بەڵکو سەرکردەیەکی وەك سەلاحەدینی ئەیوبیش هەر بە ناوی ئیسلامەوە فتوحاتی کرد و خزمەتی بە گوتاری زاڵی ئیسلام کرد و لەو ناوچانەش رۆشنبیری کوردی خستە خزمەت ئەو گوتارەوە.

گێڕانەوەی ئەو مێژووە و دووبارەبوونەوەی ئەم رەوشە سیاسییەی ئێستە کە کورد زۆرجار لە خزمەت بەرژەوەندی ئەوانی دیکەدا هەڵوێستی وەرگرتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت، کە یەکێك لە ئاریشە سیاسییەکانی کورد ناکامڵبوونی بیری ناسیۆنالیزم بووە، بۆیە پرۆژەی سەرهەڵدانی حزبی کوردیش ناسرووشتی بووە، وەك ئەوەی گرووپ و جووڵانەوەی جیاواز بووبن، نەك پرۆژەی نەتەوەیی، کە لە گوتاری ئایدیۆلۆژیای حزبی دەچێتە دەرەوە، تەنانەت بیر لەوەش نەکراوەتەوە کە هەوڵ بدرێت پەیمانێکی نەتەوەیی لەنێو خۆدا کە یەکێکە لە میکانیزمەکانی ناسیۆنالیزم پێك بهێنرێت.

١٦- عەشیرەتی شکاك: گەورەترین عەشیرەتی کوردستانی رۆژهەلات و بە شێوەزاری کرمانجی قسەدەکەن.

١٧- کوردانی خوراسان: ئەم کوردانە بەشێکن لەو پێکهاتە هەمەچەشنەیەی، کە پێی دەگوترێ نەتەوەی کورد. ئەمانە لە ناوچەی خوراسانن و شێوەی جلوبەرگ و شێوەزار و کولتوورێکی تایبەتیان هەیە، کە جیاوازە لەگەڵ تەواوی پارچەکانی دیکە.

١٨- لووڕی: خاوەنی شێوەزارێکن، کە نزیکە لە ماچۆ و خۆراسانی و سنووری کۆمەڵایەتییەکەیان دەکەوێتە ناوچەی کرمانشان هەتا نزیك شارۆچکەی رەوانسەر، بریتین لە چەندین تیرەی جۆراوجۆر.

١٩- قەڵخانی: ئەم عەشیرەتە سنوورەکەیان دەکەوێتە نێو هەردوو خاکی کوردستانی باشوور و رۆژهەلات، کە لە سنووری جەلەولاوە تاکو سەرپێڵ زەهاو، سنوورەکەیان بریتییە لە دەیان گوند، کە بە شێوەزاری قەڵخانلویی قسەدەکەن و نزیکە لە کەڵهووڕی.

٢٠- موکری. ئەم عەشیرەت و پێکهاتەیە لە سنووری شارەکانی مهاباد، سەقز، شنۆ و لە بنەڕەتدا لەنێو جەرگەی ئێرانەوە هاتوونەتە کوردستان و نیشتەجێبوونە.

رازیکردنــی کولتــوور و نەریتــە جیاوازەکــانی خێــڵ و بنەماڵــە و کەســایەتییەکانە، ئــەم قەناعەتەش لەخۆڕا دروسـت نـەبووە، هـەم تـەواوی کۆمەڵگـە، هـەم تاکـەکانی بارهێنـاوە و لەوێوە هـاتووە کـە سـامانێك کـە لەبەردەسـتی دایـە، بـە هـۆی ئـەوەی سیسـتماتیك و یاسـایی نـەکراوە لـە کاربگێڕییەکەیـدا، بۆیـە کاریگـەری نـەرێنی کردووەتـە سـەر ژیـانی فەرهــەنگی و سیاســیی و کۆمەڵایــەتیش، هــەر ئەمەشــە وای کــردووە، کــە نــەتوانێ یەکسانخواز بێت و پاداشتی رابردوو بداتەوە.

کـورد بزووتنەوەیـەکی بـە نـاو ناسیۆنالیسـتە کـە مێژوویـەکی دووردرێـژی هەیـە لـە شۆڕشـکردن بەرانبـەر رژێمـە سیاسـییەکان لـە هـەر وڵاتێکـدا، نـە توانیویـەتی ببێتـە خـاوەن گوتـارێکی سیاسـیی یـەکگرتوو و پرۆژەیـەکی نەتـەوەیی، نـە توانیویـەتی بنکـە جەماوەرییەکەی گۆش بکـات بـە ناسـیۆنالیزمێك کـە بانگـەوازی بـۆ دەکـات، لـە بـواری پەروەردەییشــدا پرۆژەیــەکی نەتــەوەیی نییــە کــە نــەوەکان بــزانن بۆچــی ئینتیمــا بــۆ ناســیۆنالیزم بکــەن، بــە پێچەوانەشــەوە بۆچــی ناسیۆنالیســت بــن، چــونکە عەقڵییــەتی حزبـی و ئایـدیۆلۆژیای سیاسـیی رووت بەسـەر زمـانی سیاسـیدا زاڵـە، ئـەم ئایـدیۆلۆژیا سیاسـییەش تـا ئـەو جێگەیـە توانیویـەتی بـڕ بکـات، کـە سـوود و بەرژەوەنـدیی بێتـە پێشەوە، مەبەسـتم سـوودێکە بـۆ گشـت نـەك سـوودێك بـۆ دەسـتەبژێرێکی سیاسـیی لـە پــەنا ناســیۆنالیزم و نەتــەوەخوازی. گوتــاری رۆمانســییانەی کــوردیش نــەیتوانیوە جێگەی ئـەو بۆشـاییە پڕبکاتـەوە، کـە لـە هۆشمەنـدیی تـاکی کـورددا هەیـە، هـەر بۆیـە ئایـدیۆلۆژیاکانی دیکـەی وەك ئـایین و بنەماڵـە و خێـڵ، لـە بەرانبـەر گوتـاری سیاسـیی نەتەوەییدا زاڵتر دەبینرێـت، دنیاگـەرایی کـە بریتییـە لـە عەقڵییـەتێك بـۆ خۆرزگـارکردن لــە ئــایین واتــە خۆرزگــارکردن لــە کاریگــەری دەســتە و تاقمێــك یــان ئایدیۆلۆژیایــەکی جێگــە لەســەر کۆمەڵگــە کــە ئــایین لێڤەگــەریی یەکەمــە، کارکردنــە بــۆ ناســاندنی مەزهــەب و ئایینــە جیاوازەکــان، هــەروەك رۆژئاواییــەکان کاریــان بــۆ ئــەوە کــرد، چــۆن کۆمەڵگە ئاشـنا بکـەن بـەوەی چـۆنییەتی لـە چـەندێتی ئـایین جـودا بکەنـەوە، هـەروەها هۆشیارییەکی تەواو بدەن بـە کۆمەڵگـە کـە جگـە لـە ئـایینی ناسـراو واتـە مەسـیحیەت و جوولەکــە ئــایینی تــری وەك (بــودی و زەردەشــتی و هیندۆســی و کۆنفۆشیۆســی و ...هتــد) هەیــە، دەبــێ لانیکــەم کۆمەڵگــە بیانناســێت و خوێندنــەوەیان بــۆ بکرێــت

نووسینگەی کۆمپانیـا و دەزگـە حکـومی و ناحکومییـەکان هـەن، ئەمانـە جێگـەیان بـە جێگە و ڕێگەی ئـابووری چـینی کرێکـار و بەرهـەمهێن لـەق کـرد، بەمـەش وێنـەی ئـەم چینە لەبەرچاو خەڵك بـە گشـتی بـە شـێوەیەك پێناسـە کـراوە کـە ناشـیرینن و لـە خـوار خەڵکی ئاسـاییەوە تەماشـا دەکـرێن، ئەمـە جگـە لـەوەی ئیرادەیـان لێسـەندراوەتەوە کـە بتـوانن هێـزی کاریـان وەگەڕخـەن تـاکو بتـوانن سیسـتمەکە ڕابگـرن وەکـو چـۆن لـە سـەدەکانی ١٩ و ٢٠ لەلایـەن کرێکارانـەوە دەبینـران و دەوڵـەت ترسـی لێیـان هـەبوو، ئەم مۆدێلـە لـەلای ڕژێمـی کـوردی بـەبێ ئـەوەی هـیچ کەرەسـتەیەکی مـۆدێرنی هـەبێت بـۆ نەهێشـتنی هێـزی کـار و ویسـتی ئـەم چـینە، تـەنها ئـەوە نـەبێت کـە لـە ڕێگـەی ئۆرگانـەکانی خۆیـەوە توانـای ئەوەشـی لـە کرێکـاران گـرت نـەتوانن خۆیـان ڕێکخـراو بکـەن و شـەقام بگـرن، لـە بەرانبـەر ئـەوەدا هـەموو تواناکـانی ڕادەسـتی ڕێکخـراو و سـەندیکاکان کـرد تـاکو بـە ئاراسـتەی سیاسـەتیی ئـەوان بـەڕێوە بچـن و هـەر ئـەوان بتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسـیان بـدەن و ئـەوان ئاراسـتەیان بکـەن بـۆ نارەزایەتییـەك کـە سیاسـەت دەوڵـەت و حکومـەت پشـتگیری لێـدەکات، ئەمـە کاریگەرییـەکی وەهـا نـەرێنیی خسـتە سـەر ئـەم چـینە، کـە تـەنها زەمانیـان بـۆ بمێنێتـەوە و قسـەی گرووپـە ئۆپۆزسـیۆنەکان دووبـارە بکەنـەوە، کـە دواجـار ئـەم گرووپـە بگاتـە خاڵێـك وەك بەرژەوەنـدیی سیاسـیی، پشـتیان لـێ بکـەن و لـە بەرژەونـدییان کـار نەکـەن، هـەروەك ئەوەی خودی ڕژێمەکـەش بـەو ناونیشـانە کـۆنترۆڵیکردن و بـوو بـە ڕژێمێکـی نەشـاز کـە دژایەتی یاساکانی خۆی دەکات.

بەم جیاوازییـە چـینایەتییەی کـە لـەنێو پێکهاتـە کۆمەڵایەتییـەکانی کـورد هەیـە و هێشتا دەوڵەتی بوونیـاد نـەناوە، ئەگـەریش بوونیـاد بنـرێ شـێوەی دابەشـکردنی کـار بـە سیسـتم نـاکرێ، چـونکە ئـەم دیـاردە سیاسـییەی کـە لـە هـەرێمی کوردسـتانە، بەلەبەرچـاوگرتنی ئـەوەی یەکـەمجارە لـە شـاردا حـوکمڕانی دەکـات و یەکەمجاریشـە لـە ڕێگـەی پـوولێکی بێشـومارەوە مامەڵـە دەکـات، نـاتوانێ خـۆی ڕێکبخـات، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی کـە هێشـتا یەکلانەبووەتـەوە لـە چوارچـێوەی ئـەو دەوڵەتانـەی دابەشـی سـەری کـراون، بمێننـەوە یـان دابـڕێن، بـەپێی بۆچـوونی پـۆڵ سـویزی بێـت، بەشـێکە لـە شۆڕشـی چـینایەتی، کـورد هـەرگیز بـیری لـەوە نەکردووەتـەوە هۆشـیاری مـەعریفی و

٥- **دەوڵــەتی نەتــەوەیی:** بریتییــە لــەو دەوڵەتــەی کــە یــەك شــوناس و یــەك واتــای هەیە، کە شانازییەکەی بۆ نەتەوەیەکی دیارکراو دەگەڕێتەوە، دەوڵەتی نەتەوەیی

٦- **راسیزم:** چەمکێکە بــە واتــای رەگەزپەرســتی دێــت، ئــەم بــیرە تونــدە لــە کۆنــەوە هەیــە و تەســکبینی و تــاك رەهەندییــە، ئەگەرچــی ئــەم بــیرە ناحــەزە لــە ســەرەتای گەشــــەکردنی مرۆڤەکانــــەوە هــــەبووە و سیاســــەت و دەوڵــــەت و حکومەتــــە نادادپــەروەرەکان کــەڵکیان لێوەرگرتــووە، شۆڕشــی ســپارتۆکۆس باشــترین بەڵگەیــە، بــەڵام بەر لە سەدەیەك ئەم بــیرە کۆنەپەرســتانەیە لــە ئەمــەریکا هــەبوو، واتــە ســپی پێســتەکان بەرانبەر ســوور پێســت و هیندییــە ســوورەکان، تــا ئــەو رادەیــەی بــە درێــژایی نیــو ســەدە خوێن رژا بەناهەق، راسیزم تــەنها لــە ئەمــەریکا نــەبووە، بــەڵکو لــە رۆژئــاواش هــەبووە، پرســەش تــەنها لــە رەنــگ و رەگــەزدا نــەبووە، بــەڵکو نەتــەوە رەســەنەکانی رۆژئــاوا لــە دژی ئەو کۆچــەرییانەی ســەری خۆیــان بــۆ رۆژئــاوا هــەڵگرتبوو، بــە هــۆی ئــەوەی تێکــەڵ بــە کولتــووری رۆژئاواییــەکان نــابوون، ئیــدی ئــەوان تــا ئێســتەش ئــەو خەڵکــە بــە ســەر رەش و بە کۆنەپەرست ناودەبەن و ململانێکەش تا ئێستە بەردەوامە.

٧- **لیبراڵیــزم:** بــە کۆمــەڵێك میتــۆد و سیاســەت و ئایــدیۆلۆژیا دەگوترێــت، کــە ئامانجیــــان بیرهێنانــــەوەی ئازادییــــە هەمەلایەنــــەکانی سیاســــەت و کولتــــووری کۆمەڵایەتییــە. ئــەم فکــرە لــە ســەدەکانی ١٧ و ١٨ ســەریهەڵداو بــوو بــە جێگــەی مشــتومڕ بــۆ جێگیربــوونی لــە دنیــای سیاســیی و فکــردا، چــەمکەکە کاردەکــات بــۆ بەهەنــــدوەرگرتنی ئــــازادی بــــیروڕای سیاســــیی و ئــــازادی بــــیروڕای چــــاپەمەنی و پشــتیوانیکردنی دەزگــەی کۆمەڵایــەتی پێشــکەوتووخواز. بــە رلــەو مێــژووەش لیبراڵیــزم ســاڵی ١٦٨٨ لــە شۆڕشــی بــەریتانی وەك بەرنامەیــەکی سیاســیی هاتــە ئــاراوە، جــۆن ســتیوارت میــل بــە دامەزرێنــەری ئــەم چــەمك و میتــۆدە ناســراوە، دوو کتێبــی بــە ناوبــانگی هەیــە لــەژێر ناونیشــانی (لیبراڵیزمــی سیاســیی و ئــازادی تــاك) کــە لــەبارەی مــافی تــاك و مــافی سیاســیی وەکــو پــان ئــازادی ناســراوە لــە لای ئــەو. دوای ئــەم تیۆریستینە بووە بە مۆدیلێك بۆ گرووپە سیاسییەکان وەکو داواکارییەکی سیاسیی.

٨- **جــەنگی دادپەروەرانــە:** بــەو جەنگــە دەگوترێــت کــە هێزێکــی ســتەمکاری گــەورە لەگــەڵ هێزێکــی بچــووك کــە نادادپەروەرانــە هێــرش بکــەن ســەر هێــزی بچــووك و

لەنێو خەڵکدا. زۆرجار ئەم لۆژیکە تەنها لە لایەن گرووپی توندڕۆ نابینرێت، بەڵکو لەلایەن دەسەڵات و حکومەتەوە هەستی پێدەکرێت، نموونەش ئەو دەسەڵات و حومکڕانانەیە، کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، پێشتریش لە رۆژئاوا هەبوو.

٢٠- **ئەنارشیزم:** ئەو گرووپانەن، کە بەواتای ئاژاوە پشێوی دەنێنەوە و کێشە بۆ دەوڵەت و سیستم دروست دەکەن، پێشەنگی ئەم بزووتنەوەیە لە سەدەی ١٨ و ١٩ لە رۆژئاوا، کەسانی وەکو بڕۆدۆن و فۆریە بوون، بەڵام دواتر ئەم بزووتنەوەیە شوناسێکی دیکەی وەرگرت، کە وەکو ماف چاوی لێکراوە، ئەویش دژایەتیکردنی دەوڵەتانێك بووە، کە ستەمکارن و رێگە بە هیچ جۆرە ئازادییەك نادەن، ئەو بزووتنەوانەش وەکو پەرچەکردارێك ئاژاوە دەگێڕن و بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێك لەبەرچاو بگرن دەوڵەت و دەزگەکانی سەربازی و تەناهیی سەرقاڵ دەکەن و زیان لە موڵکەکانی دەوڵەت دەدەن.

٢١: **فاشیزم**- ئەم چەمکە سیاسیانەی سەدەی ٢٠ و لە بنەچەدا لە وشەیەکی لاتینییەوە هاتووە، بە واتای دەست تەڕ یان چێوەیەکی تەڕ پاش یەکەمین جەنگی جیهان واتە سالّی ١٩١٩ مۆسۆلۆنی یەکەمین کاراکتەری سیاسیی بوو، لە ئیتالیادا کە هەولّی پیندەکردی ئەم چەمکەدا، ئەم سیستمە ناحەزە بە ناوی هێزێکی زالّ بەسەر ئەوانی دیکە و ئایدیۆلۆژیەکانی تردا بوو بە دیاردەیەکی سیاسیی کە لە سەردەمی حزبی دەسەڵاتدار لە سالّی ١٩٢٢ دەستی پێکرد، کە لە سالّی ١٩٣٠ بوو بەهێزێکی بالا، بنەمای فکری ئەم بیروڕا ناحەزە دژایەتیکردنی پرەنسیپەکانی سیستمی سەرمایەداری پیشەسازی و نەهێشتنی گەیشتن بە سیستمی کۆمۆنیستی بوو بە تایبەتی لە شوێنە پیشەسازییەکان، بەبۆچوونی ئەنتۆنیۆ گرامشی گەورە فەیلەسووفی ئیتالیا دەبوو لەگەلّ فاشیزم بە شێوەیەکی کۆیەك لە دۆزەکان بجگە لەوە بە شێوەی دەستپێکی ئابووری سیاسیی خەبات بکرابایە، دەبوو قبوولّ نەکرابا ئەو دیاردە زووتر پوچەلّ بکرابایە تاکو تەشەنە نەستێنێ، هەر بۆیە لە کتێبەکەیدا بە ناوی (یاداشتەکانی زیندانی) بە درێژی پێشبینی ئەو دۆخە سیاسییەی کردووە و رێگەشی بۆ دەربازبوون لەو دۆخە ئاماژە پێکردووە، تاکو کەلّك لە جەماوەر وەرنەگرن، بەلاّم کاری پێنەکرا.

٢٢: **فێمینیــزم**- لــه وشــەیەکی فەرەنســاییەوە هــاتووە، ك ەواتــای ژن و لایــەنگیری له پرســی ژن دێــت، فێمینیــزم نــاوی رێکخــراوی یەکســانییە، چالاکەکانی ئــەم رێکخــراوە کــار بــۆ نەهێشــتنی ئــەو دەســەڵاتە رەهایــە دەدەن، کــە کۆمەڵگــە رادەســتی نێرینــەی کــردووە، ســەرهەڵدانی ئــەم رێکخــراوە دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەدەی ١٦ و ١٧ بۆچــوونێکی دیکــەش هەیــە پێــی وایــە کــە دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەدەی ١٨ و بــە تایبــەتیش دوای ســەرکەوتنی شۆڕشــی فەرەنســا ئــەویش دوای رووداوە مێژوویــەکانی رۆژئــاوا بــوو لــە قۆناخی بڕوابوون بە شــۆڕش، لــە دوای ئەمــەش مــاری ڤۆلســتۆن کرافــت کتێبێکــی لــەژێر ناونیشــانی ســەلماندنی مافــەکانی ژنــان بــوو لــە ســاڵی ١٧٩٢، دواجــار بــوو بــە جاڕنامــەی فێمێنیــزم. شــەپۆلی دووەمــی ئــەم تیــۆرە لــە ســاڵەکانی ١٩٢٠ تــاکو ١٩٦٠ دەستپێکرد، شەپۆلی سێیەمیش لە دوای ١٩٨٠ دەستپێکردووە.

هەڵبــەت ئامــانجی فێمێنیــزم دەســتەبەرکردن و هەڵســەنگاندنی کەســایەتیی ژن و جیاوازییەکانییەتی لەگــەڵ پیاوانــدا، یــان بــە واتایــەکی دیکــە ســڕینەوەی ئــەو جیاوازییــە دروستکراوەی کــە بــۆ ژنــان بووەتــە راســتی لــە هۆشمەنــدیی کۆمەڵگــە تــاکو ژنــان تــەنها کــاری ماڵــەوە و وەچەخســتنەوە و بــەخێوکردنی منــداڵ بێــت، لــەم بارەیــەوە کەســێکی وەکو ســیمۆن دی بۆڤــار وەکــو پێشــەنگێك هاتــە مەیــدان و کتێبێکــی بــە نــاوی رەگــەزی ســێیەم نووســی و بــوو بــە مانیفێســت بــۆ بزووتنەوەکــە، تــا ئێســتەش کــاری پێــدەکرێت، هەڵبەت ئــەم بزووتنەوەیــە جگــە لــە مــەدەنیبوونیان خــەڵکانێکی تونــدڕۆیی بەرهــەمهێنا تا ئەو رادەیەی، کە خــراپ کــەڵك لــە یاســا و رێکخراوەکــە ببیــنن و پیــاو بچەوســێننەوە. ئێستە ئەم بزوتنەوەیە لە زۆرینەی ئــەو وڵاتانــە بوونیــان هەیــە، کــە ژنــان تێیــدا کــەمترین مافیــان هەیــە. وەکــو هیندســتان و نیپــاڵ و بەشــێك لــە ئــەورووپا و تــونس و میســر و تورکیا و بەشێك لە ولایەتەکانی ئەمــەریکا، بــەڵام بــە گشــتیی ئــەو گوتــارەی کــە ژنــانی تونــدڕۆ و ئەوانــەی هــەڵگری ئــەم بیروڕایــەن کەوتوونەتــە بــەر رەخنــەی فکــری و بــە بۆچوونێکی توندڕۆانە و ناحەزی سیاسیی لە قەڵەم دەدرێن.

٢٣- **ئــەیکۆلۆژیزم**: ئــەم چــەمکە بــە واتــای ئەندێشــەی ســەوز دێــت، چــەمکەکە لــە دەیەی ١٩٧٠ هاتووەتــە ئــاراوە بــە واتــای دەســتوەردانی نــەرێنیی مرۆڤــە لــە سرووشــت و گــۆڕینی دۆخــە رەســەنەکەی، بــەڵام دواتــر بــوو بــە بزاڤێکــی رێکخراوەیــی و سیاســیی،

